شەش نیشانە بژمێرە کە ئاماژەن بۆ نزیکبوونەوەی قیامەت

لە عەوفی کوڕی مالیکەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: هاتم بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە جەنگی تەبوکدا لەکاتێکدا ئەو لە نێو خێمەیەکی پێستی بوو، فەرمووی: «شەش نیشانە بژمێرە کە ئاماژەن بۆ نزیکبوونەوەی قیامەت: مردنم، پاشان فەتح وڕزگارکردنی بەیتو ئەلمەقدیس -بیت المقدس-، پاشان نەخۆشییەک بەزۆری لێتان دەکوژێت هەروەکو ئەو نەخۆشیەی تووشی پەز دەبێت (بەزۆری لێیان دەکوژێت)، پاشان سامان زۆر دەبێت هەتاوەکو پیاوێک سەد دیناری پێدەدرێت؛ بەڵام هەر تووڕەیە -بەو بەخشینە ڕازی نابێت- ، پاشان فیتنەیەک هیچ ماڵێکی عەرەب جێناهێڵێت؛ دەچێتە نێویەوە، پاشان پەیمانێک دەبێت لە نێوان ئێوە وبەنی ئەسفەر (ڕۆمەکان)، پاشان خیانەت لە ئێوە دەکەن (پەیمانەکە دەشکێنن)، ولە ژێر هەشتا ئاڵا دێن، ولە ژێر هەر ئاڵایەکدا دوانزە هەزار (سەرباز) هەیە».

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

عەوفی کوڕی مالیک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە جەنگی تەبوکدا، لەکاتێکدا ئەو لە نێو خێمەیەکی پێستی بوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرمووی: شەش نیشانە بژمێرە کە ئاماژەن بۆ نزیکبوونەوەی ڕوودانی قیامەت: مردنم، پاشان فەتح وڕزگارکردنی بەیتو ئەلمەقدیس -بیت المقدس-؛ وئەمە لە سەردەمی ئیمامی عومەر ڕوویدا -ڕەزای خوای لێبێت-، پاشان نەخۆشییەک لە نێوانتان تەشەنە دەکات و بە خێرایی وزۆری لێتان دەکوژێت هەروەکو ئەو نەخۆشیەی تووشی پەز دەبێت و بەزۆری لێیان دەکوژێت، پاشان سامان زۆر دەبێت هەتاوەکو پیاوێک سەد دیناری پێدەدرێت بەڵام هەر تووڕەیە -بەو بەخشینە ڕازی نابێت؛ چونکە پێی وایە ئەو بڕە پارەیە کەمە، ووتراوە: ئەم زۆربوونی سامانە لە سەردەمی ئیمامی عوسمان ڕوویدا -ڕەزای خوای لێبێت- پاش ئەوەی زۆر لە خاکەکان فەتح وڕزگارکران لە ژێر دەستی کافرەکان، پاشان فیتنەیەک مەزن هیچ ماڵێکی عەرەب جێناهێڵێت؛ دەچێتە نێویەوە، ووتراوە: لێرەدا مەبەست کوشتنی ئیمامی عوسمانە -ڕەزای خوای لێبێت- وئەو فیتنە وناکۆکیانەی لە پاش ئەم کارەساتەوە هاتن، پاشان پەیمانێک دەبێت لە نێوان مسوڵمانان وبەنی ئەسفەر (ڕۆمەکان)، ئەوان پەیمانەکە دەشێکنن وخیانەت لە مسوڵمانان دەکەن، ودێن بۆ جەنگان لە دژی مسوڵمانان؛ لە ژێر هەشتا ئاڵادا، ولە ژێر هەر ئاڵایەکدا دوانزە هەزار سەرباز هەیە، کۆی گشتیان نۆ سەد وشەست هەزار سەربازە، ئەمیش لەو ڕووداوانەیە کە هێشتا ڕووی نەداوە وهیچ گێڕانەوەیەک نییە لە کتێبەکاندا باسی جەنگێک بکات لە وشکانیدا بەرامبەر بە ڕۆمەکان بە ئەم ژمارە زۆرە لە سەرباز.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/11214